# کەسێک نییە وێنەمان بگرێ؟

ئیبراهیم هەورامانی
(هەڵەبجە)

(١)
کە دایکم مرد،
مێخەکبەندەکەیم خستە گۆڕەکەیەوە.
تابەهەشت،
بۆنی مێخەکی لێوە بێ.

(٢)
وەرە نێو خەونمەوە
لەوێ،
پۆلیس نییە.

(٣)
تامی چەند شیرینە،
گێلاس،
وەک خەندەی تۆ.

(٤)
شیعر دەنووسم،
ئەمە بیانوویەکی باشە،
بۆ ئەوەی بزانیت
تۆم خۆش دەوێت.

(٥)
چەند ئاوازێکی خۆشی هەیە،
دەنگی تۆ.
کاتێک دەڵێی:
سڵاو...

(٦)
کە تۆ ڕۆیشتی
پاییز هات.
ڕەنگ زەرد مامەوە.

(٧)
تەواوی دڵم بەخشیوە بە تۆ



کاتێ دەڕۆی،
بیرت نەچێ
ئینسان،
بەبێ دڵ ناژی.

(٨)
هەناسەی ساردم
هێندە بەسە،
دنیا بکاتە بەستەڵەک.

(٩)

**بۆ شێرکۆ بێکەس**

بەمردن بڵێن:
بەبێ شێرکۆ،
چەند،
بێکەسین.
ئای چواری هەشت!!

(١٠)
ناوت،
لە پارچە کاغەزێک دەنووسم و
لەنێو پەڕۆیەکی سەوزدا
دەیکەم بەیەخەمەوە.
تا لەم دەردی،
تاعوونە بەدوور بم.

(١١)
خۆزگە،
دڵم دەهات.
پێیەکانتم لێ دەکردەوە.
تا بیر لە ڕۆیشتن نەکەیتەوە.

(١٢)
چاوی بریوەتە،
چاوانم.
دەزانێ تەنیام
بەکامی دڵ لێم دەڕوانێ...
دەیەوێت
لەوە بگات،
بۆچی تەنیا بوومەتەوە.؟
ئەو پشیلەیەی،
برسێتی گەیاندوویەتییە ماڵی من.
برسێتی بیر چۆتەوە و
لێم دەڕوانێ.

(١٣)
تۆ دەڕۆی،
من دڵم دێشێ.

**تەمموز - ئاب/ ٢٠١٨**